# گۆڕانکاری و مەترسییەکانی کەشوهەوا، وڵاتانی جیهان و هەرێمی کوردستانی لە “ئیمارات” کۆ کردەوە

**خانەی هزریی کوردستان**

لە ٣٠-١١-٢٠٢٣ تا ١٢-١٢-٢٠٢٣دا، کۆنفرانسی “کۆپ □□” (cop28/ Conference of the Parties)ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە گۆڕانی کەشوهەوا و مەترسییەکانی، لە ئیمارات بەڕێوە دەچێت. هەر لەو کۆنفرانسە جیهانییەدا باس لە پلان و ڕێکاری ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە لەسەر ئاستی ناوچە و جیهان دەکرێت. سووتەمەنیی پاشماوە بەبەردبووەکان (Fossil Fuel) هۆکاری سەرەکیی گۆڕانی کەشوهەوایە، چونکە لە کاتی سووتاندنی، دەبنە هۆکاری دەردانی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن. ئەم کۆنفرانسە جیهانییە بۆ سەرکردەکان، سیاسەتوانان، پسپۆڕان و کۆمەڵێک لایەنی پەیوەندیداری دیکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر قەیرانی کەشوهەوا لەسەر ئاستی جیهانی، گرینگە؛ هەروەها بەشداریی دامەزراوە ژینگەییەکان، گرووپە کۆمەڵایەتی و توێژینەوەییەکان، بازرگانی و کۆمەڵە ئایینییەکانیش لەو کۆنفرانسەدا گرینگیی خۆی هەیە. لە بواری کەشوهەوادا گرینگترین و کاریگەرترین کۆنفرانسە لەسەر ئاستی جیهان و، چەندان ڕەهەندی جیاواز لەخۆ دەگرێت. بەشداریکردن تێیدا لە ڕووی ڕۆڵوەرگرتن لە پاراستنی کەشوهەوا، هەروەها پەیوەندی بە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە، خاڵێکی گرینگ و ستراتیژییە.

**کۆنفرانسی “کۆپ ٢٨” ئەم ئامانجانە دەخاتە ڕوو:**

□- کارکردنی خێرا بۆ بەکارهێنانی وزەی پاک بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریی گەرمخانەییی گازە پیسکەرەکان پێش ساڵی ٢٠٣٠.

□- گواستنەوەی سەرچاوە داراییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی کردەوە ژینگەییەکان لە وڵاتانی دەوڵەمەندەوە بۆ وڵاتانی هەژار و دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ وڵاتانی تازەپێگەیشتوو.

□- جەختکردنەوە لەسەر مرۆڤ و سروشت.

□- کۆپ ٢٨ ببێت بە “کارامەترین” کۆنفرانسی تایبەت بە گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و ژینگە.

**بەشداریی هەرێمی کوردستان و دەرفەتەکانی ئەو کۆنفرانسە**

هەرێمی کوردستان، بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا، ڕووبەڕووی گوشارێکی بێوینە بۆتەوە بۆ ئەوەی قەوارە دەستوورییەکەی تووشی کێشە ببێت، ئەم هەڕەشە و گوشارانە تا ئەمڕۆیش بەردەوامن. لە کاتێکی

ئـاوا بـانگهێشتکردنی هەرێمـی کوردسـتان بـە شێـوەیەکی فەرمـی بـۆ کۆنفرانسـێکی نێـودەوڵەتیی نەتـەوە یەکگرتووەکـان، پەیـامێکی پشتگیـری و مەعنـەوی و وزەبەخشـە بـۆ هەرێمـی کوردسـتان؛ هەروەهـا بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کۆنفرانسێکی جیهانی، پەیامی بەخشینی شەرعییەتی نێودەوڵەتییە بە دامەزراوە گرینگەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمەیش خاڵێکی زۆر گرینگ و جەوهەرییە.

ئەو کۆنفرانسە، مینبەرێکی دیکەی جیهانییە، کە هەرێمی کوردستان بەجددی و لەسەر ئاستی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکوەزیران بانگهێشت کراوە. ئەمەیش خوێندنەوەیەکی ستراتیژیی نێودەوڵەتی و ناوچەییە کە هەرێمی کوردستان وەک بکەرێکی ئەکتیڤ ئەژمار کراوە، کە دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەر ببینێ؛ هەروەها دەرفەتێکی دیکەیە کە هاتۆتە پێش بۆ جووڵەی دیپلۆماسی تا هەرێمی کوردستان بتوانێ پەیام و نیگەرانی و داخوازییەکانی خۆی بگەیەنێتە سەران و ڕێکخراوە جیهانییەکان. گرینگییەکی تر ئەوەیە، بەشداریی هەرێمی کوردستان نەک لەلایەن دەوڵەتی خانەخوێوە، بەڵکوو لەلایەن پاشای دەوڵەتێکی کاریگەری جیهانیشەوە بانگهێشت کراوە، کە شانشینی بریتانیایە. ئەمەیش خواستی بەشداربوونی هەرێمی زیاتر کردووە.



**نێچیرڤان بارزانی**، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و **شا چارلزی سێیەم**، شای شانشینی یەکگرتووی بریتانیا. دوبەی کۆنفرانسی جیهانیی “COP28” [illegible]

ئـەو کۆنفرانسـانە دەرفەتێکی دیپلۆمـاتییە کـە هەرێمـی کوردسـتان دەتـوانێت وەکـوو ئەکتەرێکی نـادەوڵەتی بەشـدار بێـت، چـونکە لـە زۆربـەی بـوارە باڵا و هەسـتیارەکانی سیاسـەتی نێـودەوڵەتی هێشـتا ئەکتـەرە دەوڵەتییەکان زاڵن؛ بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی گۆڕانکارییەکان و هاتنەئارای پرس و کێشەی نوێوە، ڕۆڵی ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بـەرز بۆتـەوە. هەرێمـی کوردسـتانیش وەکـوو بکەرێـک لـە چوارچێوەی عێراق و تەنانەت

ناوچەکەدا دەتوانێت لەم بۆنەیەدا هەم بەشداری لە پرسێکی گرینگی وەکوو ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوادا بکات، هەمیش سوود لە ئەزموون و ڕێگەچارە نێودەوڵەتییەکان وەربگرێت؛ چونکە عێراق و هەرێمی کوردستانیش، بەدەر نین لەم گۆڕانکارییە ژینگەییانە و بەپێی ڕاپۆرت و توێژینەوەکان، گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریی گەورەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی و تەنانەت ئاسایشی و سیاسیی لەسەر عێراق دەبێت.

لە عێراقەوە چوار شاند چوونەتە دوبەی بۆ بەشداریکردن لەو کۆنفرانسەدا: دووان لە هەرێم و دووان لە بەغدا؛ هەردووکیان مەبەستیانە پەیامی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان و عێراق بگەیەنن. بۆیە دەرفەتێکی دیکەیە بۆ هەرێمی کوردستان کە دەتوانێت جۆرێکی تر لە دیپلۆماسییەت پەیدا بکات، ئەویش دیپلۆماسیی ژینگەیە کە ئێستا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زەمینەسازیی باشی بۆ دەکرێ و، لەسەر ئاستی عێراقیش بۆتە پێویستییەکی ستراتیژی، چونکە داهاتووی ئەو وڵاتە بەهۆی گۆڕانکارییە ژینگەییەکانەوە لە بەردەم مەترسیی جددیدایە.

ئامادەیی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسە جیهانییەدا زۆر گرینگە، چونکە ئەمە خەسڵەت و دیدێکی جیهانی لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی دەداتە هەرێمی کوردستان، کە هاوشانی دەوڵەتان بەشێک بێت لە سیستەمی هەرێمی و نێودەوڵەتی؛ بەتایبەت کە لە ئێستادا "دیپلۆماسیی ژینگە" بەشێکی چالاکی بواری سیاسی، مرۆیی و ئابوورییە لە جیهاندا. ڕاستە لەوانەیە هەرێمی کوردستان لەو پێگە بەهێزەدا نەبێت کە بتوانێت کاریگەریی بەسەر کێشەکانی گۆڕانی پلەی گەرمیی کەشوهەوادا هەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان (بەرپرسە باڵاکانی) بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن کۆڕبەندێکی جیهانییەوە بانگهێشت کراوە، کە باس لە پێگەی سیاسی و سەنگی هەرێمی کوردستان دەکات. هەرێمی کوردستان هەرچەندە وڵاتیکی پێشەسازی نییە کە بەهۆی کارپێکردنی کارگەکانییەوە زیان بە کەشوهەوا بگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا بە هۆکاری جیاوازەوە ڕووبەڕووی گرفتی گۆڕانکاریی کەشوهەوا بۆتەوە؛ بەڵام بەدەر نییە لە مەترسیی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا. کۆمەڵێك کێشەی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستان هەن، کە پێویستیان بە چارەسەر و گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەت هەیە.

لە ڕووە ئابوورییەکەیشەوە ئەو کۆنفرانسە گرینگە، ئەویش لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە پرۆگرامەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا، چونکە بەشێك لەو وڵاتانەی کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدارن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا یارمەتیی دارایی پێشکەش دەکەن. لە یەکەم ڕۆژی کۆنفرانسی ""COP28ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کەشوهەوا، بڕیار درا بە چالاککردنی "سندووقی زیانەکان" بۆ ئەو وڵاتانەی، کە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا زۆرترین زیانیان بەردەکەوێت، کە لە بنەڕەتدا ئەو سندووقە لە کۆنفرانسی "COP27" لە شەرم شێخی میسر بڕیاری لەبارەوە درابوو و، ئەمساڵیش نزیکەی زیاتر لە (300) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ ئەم مەبەستە کۆ کراوەتەوە. عێراقیش بەهۆی ئەوەی یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی سەختی کەشوهەوا بۆتەوە، دەتوانێ سوود لەم یارمەتییانە ببینێت. ئەمەیش دەرفەتێکە بۆ هەرێمی کوردستان کە لەم چوارچێوەیەدا کەڵک لەو یارمەتییانە وەربگرێت؛ چونکە بەشێکی ئەو گرفتە ژینگەییانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە، لەوانەیە هەرێم نەتوانێ خۆی بەتەنیا چارەسەریان بکات، بۆیە پێویستیی بە یارمەتییە نێودەوڵەتییەکانە. لەبەر ئەوە "COP28" دەرفەتێکی باشە بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی سوود لە توانای دارایی، ئەزموون و هەوڵ و کۆششی وڵاتانی جیهان وەربگرێت.

**لێکەوتەکانی ئەم کۆنفرانسە لە ڕووی سیاسی، ئابووری و ژینگەییەوە بۆ هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان دەتوانێت لەو دەرفەتەدا ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و دەوڵەتانی بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا ببەستێت و لە هەمان کاتیشدا سەرنجی کۆمپانیا و ناوەندەکانی توێژینەوە، هەروەها ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بۆ هەرێمی کوردستان ڕابکێشێت و بنەمای هاوکارییان لە بواری ژینگەیی و گۆڕانی کەشوهەوا، هەروەها قەیرانی ئاو کە لەم ساڵانەی دواییدا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، دابمەزرێنێت و سوود لە توێژینەوە و هاوکارییەکانیان وەربگرێت، بۆیە ئەم هەنگاوانە پێویستن:

- قۆستنەوە و جەختکردن لەسەر ئەو بابەتانەی کە بۆ هەرێمی کوردستان بەسوودن، هەروەها سوودمەندبوون لە بیرۆکەکان تا لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێن.
- بوونی هەماهەنگی لەگەڵ شاندی حکوومەتی عێراقی سەبارەت بەو پرۆژانەی کە دەکەونە هەرێمی کوردستانەوە و ژینگەی عێراق و هەرێمی کوردستان باشتر دەکەن.
- هەوڵدان بۆ ڕاکێشانی چەندان کۆمپانیا بۆ دروستکردنی هەندێ پڕۆژە، کە لە لایەک ژینگە دەپارێزن، لە لایەکی تریشەوە لە نێوەندی ئەو پرۆژانەوە چەندان شوێنی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان دروست دەبن، وەک بنیاتنانی بەنداو؛ چونکە لایەنێکی بەرنامەی کارەکە باس لە وەبەرهێنانی سەوز دەکات، یان هەندێ پرۆژەی کشتوکاڵی.
- بانگهێشتی هەندێ لە شاندەکان بۆ هەرێمی کوردستان و نیشاندانی ئەو بوارانەی کە دەتوانن وەبەرهێنانی ژینگەیی تێدا بکەن.
- گەیاندنی پەیامێک بە سەرکردە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەوەی هەرێمی کوردستان هەمیشە حەز دەکات ڕۆڵێکی پۆزەتیف و ئەکتیڤانە لە ناوچەکە و عێراقدا بگێڕێت.

لە لایەکی تریشەوە عێراق و هەرێمی کوردستان داهاتیان لەسەر پیشەسازیی نەوت و گازی سروشتییە و، ئەمەیش بۆتە جێگەی مشتومڕی کۆنفرانسە ژینگەییەکان. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، هەرێمی کوردستان دەتوانێت خۆی بۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئەم بوارە و نیگەرانییەکانی وڵاتانی گەورە و هەوڵەکانیان بۆ جێگرەوەی نەوت و گاز بە وزەی پاک و سروشتیی نوێبووەوە ئامادە بکات. وەک دەزانین هەر یەکە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش (بە ڕێژەیەکی کەمتر) کاریگەریی زۆری گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەرە؛ پێشبینی دەکرێت عێراق لەنێو ئەو پێنج وڵاتەدا بێت کە لە جیهاندا بەهۆی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. بەپێی سەرچاوەکانی حکوومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان، عێراق [ساڵانە 60 هەزار دۆنم زەویی کشتوکاڵی لەدەست دەدات]. ئەم دیاردە کەشوهەواییانە هەڕەشە لە بژێوی ژیان و ئاسایشی خۆراکی دانیشتووانی عێراق دەکەن، کە ئەمەیش زەمینە بۆ ئاوارەبوون و ناسەقامگیری و لێکترازانی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، کە بێ گومان پڕیشکەکانی بەر هەرێمی کوردستانیش دەکەوێت. قەیرانی ئاو و وشکەساڵیی توند و شێوازەکانی بەنداوسازی لە تورکیا و ئێران و زیادبوونی بەکارهێنان و بەهەدەردانی ناوخۆییی ئاو لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی بەردەوام لە فراوانبووندایە.

لەم سۆنگەیەوە هەرێمی کوردستان، دەبێت تا زووە ستراتیژییەکی ژینگەیی تۆکمە پەیڕەو بکات و کار بکات لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکان و وڵاتانی ناوچەکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. ئەمەیش پێویستیی بە پڕۆژەی گەورە هەیە لەو بوارەدا؛ هەرێمی کوردستان بەهاوبەشی لەگەڵ

حکوومەتی فیدراڵ، پێویستە دەستەیەکی تایبەت بەم پرسە دروست بکەن.

**دەرفەتەکانی ئەو کۆنفرانسە جیهانییە بۆ هەرێمی کوردستان**

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت لەم ڕێگەیەوە هەم پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەغدا لە ڕووی هاوکاریی ژینگەیییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی گۆڕانی کەشوهەوا و لێکەوتەکانی پتەو بکات، چونکە چارەنووسیان پێکەوە گرێدراوە و، ئەمەیش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر بوارەکانی تری پەیوەندیی دوولایەنەیان هەبێت.

جگە لەمانەیش نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانن بە بانگهێشتکردنی ئەو ڕێکخراو و ناوەند و کۆمپانیایانە بۆ هەرێمی کوردستان، دەرفەتی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بڕەخسێنن. لە لایەکی تریشەوە، بەهۆی سروشتی سنووربەزێنی گۆڕانکاریی کەشوهەوا، هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوود لەو سندووقە دارایی و بڕیارانە وەربگرێت کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریی کەشوهەوا، لەلایەن دەوڵەتانی پێشکەوتوو تەرخان دەکرێت.

بێ شک ئەم جۆرە دیدار و گردبوونەوە جیهانییانە تەنیا باس لە پرسێکی دیاریکراو و سنووردار ناکەن، بەڵکوو دەکرێت ببنە سەرەتایەک بۆ بنیاتنانی پەیوەندیی سیاسی و ئابووریش لە بواری جیاجیادا. بۆیە هەرێمی کوردستان زیاتر لە دەوڵەتان، پێویستیی بەم جووڵە دیپلۆماسییانە هەیە تا ببێتە بەشێک لە پرسە هەرێمی و جیهانییەکان لە ناوچەکەدا.

گۆڕانی کەشوهەوا، کێشەیەکی کوردستانی، عێراقی، ناوچەیی و جیهانییە و گشت هاوکێشەکان لێک نزیک دەکاتەوە، چونکە گۆڕانی کەشوهەوا سنوور ناناسێت و، مەترسییە بۆ سەر تەواوی جیهان. هەروەها لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەیشدا زۆر چالاکیی تر دەکرێت، کە ئەمەیان بەشێکە لە کاری دیپلۆماسی لە کۆنفرانسەکەدا. واتە پەراوێزی کۆنفرانسیش دەرفەتێکی ترە بۆ هەرێمی کوردستان، تا تێیدا چالاک بێت و خۆی دەرخات.



**نێچیرڤان بارزانی** سەرۆکی هەرێمی کوردستان و **ئەنتۆنیۆ گوتێرێز**، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان. کۆنفرانسی جیهانیی “COP28” لە دوبەی لە ئیمارات (١-١٢-٢٠٢٣)

بەشێک لە کارناسان و توێژەرانی زانستە سیاسییەکان، دیپلۆماسی بە “زانستی پەیوەندییەکان لە نێوان سیاسەتوانان و بەڕێوەبەرانی وڵاتان”دا لێک دەدەنەوە. ئەگەر هەر لەو سەرگەیەوە سەیری ئەو کۆنفرانسە بکەین، دەوری دیپلۆماسیی ژینگەیی (Environmental diplomacy) بەرجەستە دەبێتەوە؛ بەڵام لێرەدا **هونەری سەرکردایەتیکردنی بەرژەوەندییەکان و دەستنیشانکردنی ئەولەوییەتەکان، دەوری سەرەکی دەگێڕێت.** بۆیە هەم کۆنفرانسەکە و هەمیش چاوپێکەوتنەکان لە پەراوێزی کۆنفرانسەکەدا دەوری گرینگ دەگێڕن، چونکە “پەراوێز”ی کۆنفرانسەکان، هەروەکوو کۆنفرانسەکە، دەرفەتێکی جیهانی و ناوچەییە، کە تیایدا پەیوەندی دروست دەکرێت و، باس لە بەرژەوەندیی دووسەرە و چەندسەرە دەکرێت. دەکرێت کۆنفرانسی “کۆپ ٢٨” بە “تریبیوون” (Tribune)ێکی جیهانییش بشوبهێنین، بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان کە کۆنفرانسەکە و پەراوێزەکەی دەرفەتێکی جیهانین بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانیش خۆی تێدا ببینێتەوە و بدوێت؛ چونکە “کۆنفرانسی ئاوا دەرفەت بۆ دیپلۆماتەکان دەخوڵقێنێت، کە بەئاسانی (ناپرۆتۆکۆڵی) دەستیان بە بەرپرسە باڵاکانی جیهان- لەوانە زلهێزەکان- ڕا بگات و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵک لە دانیشتنەکانی پەراوێزی کۆنفرانسەکان وەربگرن.” ڕێک لەبەر ئەوەیە کە ئەو کۆنفرانسە بە پەراوێزکانییەوە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرینگە و، کۆنفرانسەکە ڕاستەوخۆ هەرێمی کوردستان بە ناوچە و جیهانەوە دەبەستێتەوە.

**بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم لینکانە بکە.**

https://www.cop28.com

https://www.euronews.com